بەدواداچوونێک لە بارەی خستنەڕووی رۆڵی دایکانی نموونەیی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا

ساسان دەرویش / هۆڵەندا

لە دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێکم لە رووپەڕی لاپەڕەی ئافرەتان لە 11ی نیسان 2018 ژمارە 5485لەژێر ناونیشانی "خێزانی شەهیدان مامۆستایەکن لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا" کە لە نێو خوێنەری رۆژنامەکەمان خوێندنەوەی زۆری بۆکرا لە گرنگی ئەم پرسە و خستنەڕووی دایکانی نموونەی کە وێرای شانازیی قوربانییەکانیان رۆڵی خۆشیان لە سەختی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و نەوەیەکی تەندروست و ئایندەیەکی گەش کە بتوانن خزمەتی کورد و کوردستان بکەنەوە رۆڵی گرنگیان بینیوە و ناکرێ بێ ناونیشان بەهەگبەیەکی پڕەوە مالّئاوایان لێبکەن، دەکرێ بۆ ئەم پرسەش لایەنی پەیوەست هەوڵەکانی خۆیان چڕتر بکەنەوە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە و بیکەنە نەریتێک جیاواز لە پۆلێنکردنی خەڵاتکردنی ئافرەتان لە بۆنە تایبەتەکان، بەڵکو ئەم دایکە نموونانە رۆژێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و ئەو شانازییە بەخۆیان ڕەوا ببینێ ولە مەراسیمێکی شکۆدارا خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆبسازکرێت

خەبات
XEBAT
ژمارە (5485) چوارشەممە 11ی نیسان 2018
خێزانی شەهیدان مامۆستایەکن لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا
ساسان دەرویش – هۆڵەندا

شانازییەکانیان هێندەی قوربانییەکانیان تۆماربکەین

خاتوو تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ لەو بارەیەوە گوتی: سەرەکیترین بازنە لە بازنەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی خێزانە، گرنگترین کاراکتەریش لەم بازنە سەرەکییە دایکە لەبەر ئەوەی زۆرترین مامەڵە لە قۆناغی بەخێوکردن وپەروەردەکردنی منداڵ ئەکرێت، دایک ئەنجامی دەدات بە بەراورد لەگەڵ باوک. ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا فێری دەبێت لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت هەمان ئەو هەڵسوکەوتەیە کە لە ئایندەدا ئەنجامی دەدات و ئەستەمە گۆڕانکاری تیدابکرێت و بەهەمان شێوەش ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری خۆی دەکات لەگەڵ کۆمەڵگە، کەواتە گرنگی و مەزنی ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵ نەک تەنها وەک پەروەردەیەکی تەقلیدی بەڵکو پەروەردەکردنی لایەنی باوەڕ و جەستەیی ودەروونی و مەعنەوی بەشێکی سەرەکی دروستکردنی کەسایەتی منداڵ و ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر کۆمەڵگە. لێرەدا ئەگەر باس لە مێژووی کورد و شۆڕشەکانی بکەین، ئافرەتی کورد لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بووبێت ئەگەر دایک یان خێزان یان خوشک

فەزیلە شۆڕش

جگە لەوەی بەشداری کاریگەرانەی خۆی لەسەرخستنی شۆڕش وەک هاوکار و تەواوکەری کاری هەمە لایەنەی پیاوان، بەڵام لە پاڵ ئەوەشەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە هەمیشە زۆربەی قوربانی شەڕ و مللانێ و ناکۆکییە نێوخێوبەکان ئافرەت و منداڵن، لەگەڵ ئەوەشدا کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە بە هۆی ئەو مێژووە خوێناوییەی گەلی کوردەوە جگە لە دەستدانی هاوبەشی ژیان و هاوژینی و باوک و برا ئەوا بارگرانی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵیش هێندەی تر ژیانی زەحمەت کردووە، ئەم لاسەنگییە بەقوربانیدان و شەونخونی ئافرەتان هاوسەنگ بووە، بۆیە ئافرەتی کورد لەم ڕووەوە شانازی سەرەکی بەرکەوتووە و هەمیشە خەمی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵێکی تەندروست خەمی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی کورد بووە، چونکە بەردەوام بوونی گەلێک بە دێژایی سەدەیەک

تاڤگە عومەر

چالاکییەک بۆ کۆمەڵگا هیچ کاتێک ناگاتە ڕادەی ڕێزگرتن لە دایکایەتی کردنی ئافرەتێک بۆ پێشکەشکردنی تاکی تەندروست بۆ کۆمەڵگا، چونکە دروستکردنی منداڵێک لە ژێر کۆمەڵێک فشاری مادی و مەعنەویی و جەستەیی و بەبێ بوونی هیچ هاوبەشێک هیچ پیرۆزیەک نایگاتێ، بۆیە گرنگە ئێمە ئەو بۆشاییەی کە هەیە بە کۆکردنەوەی ژیاننامەی ئەم دایکانە و نمایشکردنیان لە مۆزەخانەیەکی تایبەت و چاپکردنی کتیب و بلاوکراوە بە تۆمارکردنی سەروەریەکانیان و ئەرشیف کردنی لە مێژوودا پڕبکەینەوە. هاوکات تەرخان کردنی ڕۆژێک بەدەر لە ڕۆژی جیهانی دایک لە ڕۆژمێری مێژووی کورد بۆ یادکردنەوەی ئەم دایکە بەجەرگانە و تیشک خستنە سەر ئاستەنگەکانی ئەم ئەرکە پیرۆزە و پیشاندانیان وەک دایکێکی نموونەیی بۆ ئەوەی تاهەتا وەک سیمبولی قوربانی لە ژیانی

ناسک سەعید

لە خەبات بە بێ قوربانی تاکەکانی نابێت، ئافرەتی کوردیش کۆڵەکەی بەردەوامی ئەم خەباتە بووە بە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی هەزارەها ڕۆڵە و نەوەی بێ باوک و بێ سەرپەرشت لە سایەی پەروەردەیەکی ڕاست و سۆزێکی دایکانە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت لایەنی پەیوەندار و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان لەم بوارە نەیتوانیوە مافی مەعنەوی ئەم دایکانە وەک پێویست بدەن و شانازییەکانیان هێندەی قوربانییەکانیان تۆمار بکەن، هیچ ئەرکێک لە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵێک پیرۆزتر و قورستر نییە، کاتێک دایکانی ئێمە ئەم شانازیە وەردەگرن پێویستە هەموو لایەک ئەم هەوڵە بەرزبنرخێنن و نمونەی ئەم دایکە خۆڕاگر و قوربانیدەرانە بە کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت نێودەوڵەتیش پیشان بدەین، چونکە ڕێزگرتن لە خەباتی کەسێک بەرامبەر ئەنجامدانی کارێک یان ئێمەو نەوەی داهاتودا ببینێتەوە.

بەپێی نەریت وکلتور هەندێک کاربۆ ئافرەت سەختە

پاشان خاتوو ناسک سەعید بەڕپرسی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەوبارەیەوە گوتی: پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەک و بەخشینی بە کۆمەڵگە کارێکی سانا نییە بەتایبەت بۆ دایکێک کە هاوسەری ژیانی لە دەستدابێت، بەدەر لە دابینکردنی سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیانی منالەکانی ئەرکی پەروەردەکردنیشی لە ئەستۆدایە، ئەودایکانەی ئەم دووکارە پێکەوە دەکەن و توانیویانە بالانسێک لە نێوان هەر دوو ڕەهەندەکەدا بەرجەستە بکەن شایانی ڕێزلێگرتن، بەومانایەی ئەبێت بەبێ نمونەی بەرجەستەکراو لە ئەزموون و فێرکردن. ئەمجۆرە دایکانە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرن ئەگەر هەریەکەشیان بەجیا لەسەرجەم گۆشەکانی ژیانیانەوە لێیان بڕوانین، دەبینین بە قۆناغ گەلێکی دژواردا تێپەڕ بوون و کۆششی بەردەوامیان کردووە بۆ گەیشتن بەلوتکە، بەرهەمی ئەم ماندووبوونەشیان پێشکەشکردنی ئەندامێکی دڵسۆز بە نیشتیمان و کۆمەڵگەکەی بووە بە جۆرێک جیاوازتر لە کەسانی دەوروبەریان زیاتر بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و ئاکاری بەرزیان تیدا دەبیندرێت. ئەو دایکانەی ئەم جیهانە پڕ لە موحیبەتەیان بەبێ هاوبەشی ژیانیان بۆ منالەکانیان خولقاندووە لەسەر قوربانیدانی جەستە و ڕۆحی خۆیان بووە، هەمیشە هەوڵیانداوە ژیانی خۆیان بکەنە ڕێچکەیەک بۆ ئەوەی منالەکانیان پێبدا بڕۆن، گرنگیدان و ڕێزگرتن لە ماندووبوونی ئەم دایکانە جێگەی فەخرە لەبەر ئەم فاکتەرەشە دەبینین زۆربەی ئەو منالانەی بەو جۆرە پەروەردەکراون دنیابینیان بۆ ژیان وئایندەیان جیاوازتر دەبێت لەو منالانەی لە سۆزی باوک بێبەش نین، کەواتە دایک دەتوانیت تەواوی ئەو بۆ شایستەی لە ژیانی منداڵدا دروست دەبێت بە ئیرادەیەکی بەرزەوە بژیان پربکاتەوە و ڕێگری بکات لەهەر گرفت و ناخۆشییەک کە دێتە سەر ڕێگای پەروەردەکردن یاخود بژێوی منالەکانی. هەرچەندە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەپێی نەریت و کلتور هەندێک کار بۆ ئافرەت سەخت بووە، بەڵام ئەو دایکانە بۆیرانەتر ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بوونەتەوە و لە هەندێک حاڵەتدا ڕێچکەشکێنی نەریتێک بوون کە چەندەها ساڵ لەنێو کۆمەڵگە جێی بۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو دایکانە خۆشیان وەک پاڵپشتییەک و هاندانێک بۆ منالەکانیان هەوڵیانداوە بچنە ئەو کایەی هاوسەرەکەی پێیای تێپەڕیوە بۆ بزرنەبوونی خەبات یاخود پیشەی هاوسەرەکەی، ئەم جۆرە بیرکردنەوە و کارکردنەش پێویستی بە پشوودرێژی و ئارامگرتن هەیە، لە هەموو ئەو بوارانەدا ئەو دایکانە توانیویانە جیدەستیان دیاربێت و بەنە ئافرەتی پێشەنگ لە کۆمەڵگەدا، ئەو دایکانەی بەو جۆرە منالەکانیان پەروەردە دەکەن ئەبنە سیمبولی کۆمەڵگە و شانازی بە بوونی ئەو جۆرە ئافرەتانە ئەکەن تەنانەت پەیکەری تایبەتیان بۆ دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە بیری تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە لە نەچێتا و ئایندە ببێنێتەوە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەرچەندە نموونەیان زۆرە بەڵام کەمتر باس لەو دایکە نموونانە کراوە و بوونەتە جێگەی باس، ئەکرێت لەگەڵ باسکردنی ئافرەتانی خاوەن کار و سیاسەتمەدار و کۆی پیشە جیاوازەکاندا ئاماژە بەو ئافرەتانەش بکرێت کە تەواوی ژیانیان بەخشیوە بە پەروەردەکردنی منالەکانیان، هەرنەبێت گوێ لە شێوازی پەروەردەکردن و دروستکردنی کەسێتی منالەکانیان بگیرێت بۆ ئەوەی ببنە ئەزمونێک بۆ تەواوی ئافرەتان و خانمانی کۆمەڵگەی کوردی .

پەیکەرێک وەک سیمبول بۆ دایکی نموونەیی ئەم ئافرەتانە دروست بکات

هەروەها خاتوو فەزیلە شۆڕش بەڕپرسی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەوبارەیەوە گوتی: قارەمانییەتی و وەستانی هەرمیللەتێک وەک قەڵایەکی پۆڵایین، بەرامبەر هەر نەهامەتییەک و ڕووبەڕووبونەوەی سەختیەکان و بەسەرهاتەکان نیشانەی بوونی بناغەیەکی پۆڵاییە بناغە و بەڵانسی هەر کۆمەڵگەیەک ئافرەتە، ئەگەر هاتوو نوقمێک لە دیرۆکی کورد بکەین دەبینین هیزی ئافرەتی کورد بەهێزترین بناغە و ستونەکانی میللەتی کوردە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە بەتەنیایی ڕووبەڕووی سەختیەکانی ژیان بوونە و تا ئێستاش دەبن لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری و کلتوورێکی داخراو کە ڕێگرە لە ئافرەت کە بتوانی بێ کێشە بژێوی ژیان بۆ خێزانی دابین بکات، لەگەڵ ئەوەش توانیویەتی لەگەڵ هەر تڕپەیەکی دڵی ژیان و هیوا ببخشێتە ڕۆڵەکانی و ئازیزانی و بەشێوەیەکیش پەروەردەیان بکات کە ببنە سەروەتێکی زۆر گەورە و گرنگ بۆ نیشتیمان، بێئەوەی کەسێک ئەم کارەی لێ داوابکات. ئەم شێرە ژنانە بونیادنەر و ئەندازیارێکی گرنگی کۆمەڵگەن و هێمای خۆڕاگری وبەرخودانن. لێرە دەمەوێ ئاماژە بەو بابەتەی ڕۆژنامەنووس ساسان دەرویش بکەم کە لە ڕێکەوتی 11ی نیسان ئەم ساڵ لە خەبات بڵاوکرایەوە، بابەتێکی زۆر گرنگ وسەرنجڕاکێشە و پێویستە زۆر بەگرنگی وەربگرین، منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەم بەڕێزە، بیرۆکەکەی بێتە دەستپێکێک بۆ بە دکۆمێنت کردن و ئەرشیف کردن و نووسینی ژیاننامەی ئەم شێرە ژنانە و تۆمارکردنیان لە پەڕاوی پەرتووکەکانی گەلەکەمان کە لەبەر ئازار و مەینەتییەکانی ژیان و میللەتی کورد ئەمان لەبیرکراون و دەبێت بخرینە نێو پرۆژە و چالاکی و بەرنامەی کارکردنمان. ئێمە وەک ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەدوای ئەو ئافرەتە کوردانە دەگەڕێین و ساڵی دووجار بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ئەم شێرە ژنانە خەڵات دەکەین و بەسەریان دەکەینەوە. هیوادارم کە لایەنی پەیوەندیدار بەم کارانە پەیکەرێک وەک سیمبول بۆ دایکی نموونەیی ئەم ئافرەتانە دروست بکات کە ببێتە شانازیی بۆ هەر یەکەمان لە ئافرەتی دایکی نمونەی و پێشمەرگە ئاسایی وون و هەموومان قەرزاری ئەم شێرە ژنانەین و بە هیچ شتێک لەدنیادا قەرەبوو ناکرێنەوە تەنها بەڕێزگرتن ولەبیرنەکردنیان کە بەشێکی گرنگی میژووی نەتەوەیمان دەنووسنەوە و تۆمارەدەکەن، هەوڵەکانمان لەدەرخستنیان چڕبکەینەوە.

مەڵەکردن و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی قژ

پزیشکانی بواری قژ و پێست ڕاسپاردەیان بۆ ئەو خانمانەی بەردەوام ڕوو لە مەڵەوانگەکان دەکەن ئەوەیە کە: گەر بە شێوەیەکی بەردەوام قژ ئاو و کلۆری بەرکەوێت دەتوانێت ببێتە هۆکاری وشک بوونی قژ و لە ئەنجامدا هەستیار بوون و شکانەوەی تاڵە قژەکان. ئەو پزیشکانە ڕایان وایە شوشتنەوەی قژ دەتوانێت تا ڕادەیەک کاریگەری ئەو کلۆرە کەم بکاتەوە، بەڵام بە مەرجێک شامپۆیەکی مامناوەند وەک شامپۆی منداڵان بەکار بێنێت و لە شێکەرەوەی پرچ کەلک وەربگرێت و پاش شوشتن نەرمکەرەوەی لێببات.

ئەو پزیشکانە دەڵێن، پشتگوێخستن و گرنگینەدان بەو بابەتە دەتوانێت زۆر زوو کاریگەرییەکانی خۆی دابنێت و سەرنجڕاکێشی قژەکان نەهێڵێت.

بابەتێکیتر کە ئاماژەی پێکراوە کاریگەری ئەو مادەدانەیە لەسەر ئەو قژانەی سوبغکراون کە دەبێتە هۆکاری گۆڕانی ڕەنگی ڕاستەقینە.

بە هۆی سوودەکانی مەڵەوانی و پێویستی ئەو وەرزشە لە ژیانی ڕۆژانە تەنیا ڕاسپاردەی پزیشکان ئەوەیە کە ئافرەتان کڵاوی تایبەت بە مەڵەوانی بەکار بهێنن تا کەمترین ئاوی مەڵەوانگە بەر قژیان بکەوێت، بۆیە بە هەموو شێوەیەک بەکارهێنانی کڵاوی قوماش قەدەغە دەکەن.

باوەڕی یۆنانی کۆن لە بارەی هاوسەرگیری

هاوسەرگیری پەیوەندی دوو لایەنە و ژن و پیاو بەیەکەوە هیلانەیەک بۆ خۆیان و خستنەوەی نەوەیەکی نوێ دروست دەکەن. لە وڵاتانی جیهان و مێژووی کۆندا دیان بیر و ڕای جیاواز لەو بارەوە هەیە و سەدان ڕێوڕەسمی جیاواز تیایدا پەڕەو دەکرێت. یۆنان وڵاتی کلتوور و فەرهەنگی دەوڵەمەن لەو بارەوە ڕایەکی سەیریان هەیە.

لە یۆنانی کۆن باوەڕیان وابوو ئافرەت تا هاوسەرگیری نەکات تامی ڕاستەقینەی ژیاتی نەکردووە ,هەر بۆیە لەو سەردەمە تەممنی ئافرەت لە پاش هاوسەرگیری هەژماردەکرا نەک لە کاتی لەدایکبوونەوە. واتە ڕۆژەکانی ژیانی زکورتی هەژمار ناکرێت و تەنیا پاش هاوسەرگیری تەمەن هەژمار دەکەن.